# شەوانی بێ تۆیی

بۆ (ڤانە)ی کچم

**لەیلا بەرزنجی**

لەگەڵ مندا
لە جەنگێکای
(براوە)یەک دیار نییە
ڕاز
هاوشێوە!
ئاراستەکانمان
جیاواز!
(دووری)یەک
کەوتە نێوانمان
نامەکەت
دڵخۆشی کردم
هاوشێوەی ئەو منداڵەی
وڕک دەگرێ لە شیری کاڵ
وەرەو تاوێک
لەناو پێڵووی چاوەکانما
میوانم بە!
لەگەڵ خەیاڵ
ئاوێتەم بەو
بۆ تاوێ
هاوڕێی ژانم بە!
ئازیزترین
هاوڕێی ژینم
هۆ پارچەیەک لە جگەرم
فێرت کردم
لە خەیاڵا بیرکەمەوە و
دەستەواژەیەک بۆ شیعر
بکەم بەتۆ
چۆن وشەکان هەڵبژێرم
لەژێر سەیوانی ئەوینتا
چۆن دوورکەومەوە لە باران!
هاوڕێیەتیت فێری کردم
بچمەوە ئامێزی جاران!
باوانەکەم فێرت کردم



ڕکابەریی بکەم لە سۆز و
دابڕانی تاهەتایی
تاسەی دووریت
فێری کردم
چڵێ گوڵی ڤالانتاین
بدەم بەتۆ
تا ڕزگاربم لە تەنیایی!
* * *
ڤانە خانم
هاوڕێیەتیت فێری کردم
خۆشی ژیان
پێکەوەبوون و ئاوێزان
لە کوێوە دێ؟
خۆشەویستیت فێری کردم
خۆڕاگر بم
دڵم..
(شەوانی بێ تۆیی)یش
فێری کردم
(تەنیایی تۆ.. بخوێنمەوە)
بۆ بارینی دەریای وشە
فێری کردم
ژیان بڕەنگێنم بۆ ژوانم
بەو ڕەنگانەی
ئارام دەکەن دڵ و گیانم
خۆشەویستیت فێری کردم
گریان بکەم بە هەوێنی
ڕازاندنەوەی وشەکانم
لە هەستمەوە!
چاو دانەخەم
لە کەوتنەکانم
هەستمەوە!
* * *
ئازیزی من
ڤانە خانم
تۆ ئەو گەڵا بەهارییە بووی
خەزەڵوەر هەڵیوەراندی و
خستمتە باوەشی گریان!
تۆ ئەو هەورە پڕ لێزمەیە بووی
لەناو ئامێزی گەرمی خۆرا
توایتەوەو
بەسەرما داتکردە باران!
ڤانە گیان تۆ..
ڕستەیەکی تەواو نەکراوی تەمەن بووی
لە سەمفۆنیای
عەشق و خۆشەویستی مندا
بووی بە ئاوازی
شیعرێکی نیشتمانی!
جوانترین تابلۆی زەمەن بووی
(دووری) لە من دایبڕانی!
ڤانە خانم
دەوەرەوە نێو باوەشی
خۆشەویستی نیشتمانم!